سەرنجەکان لەسەر قوتابخانەی بەرایی، قوتابخانەی سەرەتایی و ناوەندی رابواردن

قوتابخانە بەراییەکانمان و قوتابخانە سەرەتاییەکان و ناوەندی رابواردن بەبەردەوامی کاردەکەن بۆ پێشخستنی چالاکیەکانیان. لەبەر ئەوە، سەرنجەکانتان گرنگن بۆ پێشخستن و کوالێتی کاری قوتابخانەکان. ئەگەر قوتابخانەی بەرایی، قوتابخانەی سەرەتایی یان ناوەندی رابواردن بەو شێوازە نەبوو کە پێشبینیت کردووە، یان لەگەڵ منداڵەکەتدا بەهیچ شێوەیەک دڵخۆش نەبوون، تکایە پەیوەندی بە نوسینگەی منداڵان و پەروەردەوە بکە کە لە خوارەوە ئاماژەی پێکراوە.

یەکەم کەس کە پەیوەندی پێوەبکەیت و باسی نیگەرانیەکانتی بۆ بکەیت بریتییە لە کارمەندی قوتابخانەی بەرایی و ناوەندی رابواردن، یان راوێژکار / مامۆستا لە قوتابخانەی سەرەتایی؛ دواتر بەرێوبەری قوتابخانە کە سەرۆکایەتی دەزگاکە دەکات. ئەگەر بەشێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکەت قایل نەبووی، دەتوانی لەگەڵ نوسینگەی منداڵان و پەروەردەی شارەوانی بەردەوامبیت. سەرنجەکان و گازندەکان لێکۆڵینەوەیان لەبارەوە دەکرێت و بە گوێرەی پێویست باسدەکرێن. دووانر، وڵامی ئەو کەسە دەدرێتەوە کە لە بنەڕەتدا زانیاریەکانی پێشکەشکردووە، لەگەڵ دەزگای تایبەتمەند.

بۆ پێشکەشکردنی سەرنجەکانت بەشێوەی دیجیتاڵ، کلیک لەسەر لینکی ژێر لاپەڕەکە بکە، "سەرنج و گازندەکان".* بە دڵنیاییەوە، تۆ مافی ئەوەت هەیە وەکو کەسێکی نەناسراو (بەنهێنی) سەرنج و گازندەکانت پێشکەش بکەیت، بەڵام ئەگەر پێویستت بە وڵامی کەسی هەیە دەربارەی کەیسەکەت، پێویستە ناو و ناونیشانی پەیوەندیکردن پێشکەش بکەیت.

ئەگەر هیچ دەرفەتت نەبوو تاوەکو بۆچونەکانت بەشێوەی دیجیتاڵ تۆمار بکەیت، تکایە لەرێگەی ئیمەیڵەوە بینێرە بۆ:

Bollnäs kommun
Barn- och utbildningskontoret
Stadshustorget 2
821 80 Bollnäs

ئەگەر قایل نەبووی بە شێوازی مامەڵەکردنی شارەوانی لەگەڵ سەرنجەکانت یان گازندەکانت، دەتوانی راپۆرتێک بەرز بکەیتەوە بۆ پشکنەری قوتابخانە سویدیەکان.

ئەگەر هەر سەرنجێک یان گازندەیەکت هەیە دەربارەی قوتابخانە بەراییە سەربەخۆکان، قوتابخانە سەرەتاییەکان یان ناوەندەکانی رابواردن لە شارەوانی، پێویستە راستەوخۆ بچیتە دەزگای پەیوەندیدار.

بۆ سەرنجدان لەسەر پۆلەکانی سەرەوەی قوتابخانەی سەرەتایی بۆ ئەو قوتابیانەی کە خاوەن پێداویستی تایبەتن، پێویستەسەردانی کۆمەڵەی هاڵسینگلاندی پەروەردەیی بکەیت، www.hufb.se

بەمەبەستی پێشکەشکردنی بۆچوون و گازندەکانت، لێرە کلیک بکە

*سەرنجەکە بریتییە لە رێوشوێنی نوسراوی شارەوانی بۆڵناس بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ گازندەکان کە لە بەشی 4 باسکراوە، بەندی 8 لە یاسای پەروەردە 2010:800(.)